سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٥٠) هاوین (٢٠٢٥)

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکیی، وەرزییە



## دیالەکتیکی ئاپۆیی: گیان و دینامیکی داهێنان

جەمیل بایک




## دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ

دەیڤید گرەیبەر



## بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان:
هەڵبەستێک بۆ ژیانێکی باش

سۆمەیە ڕۆستەمپوور



رێزێک بۆ
# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

### دەروازەیەک بۆ دیالکتیک

تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

### بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟

شێروان ئیبراهیم

### کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایک:
گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی

عارف ڕێین

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئــەو هیوا نوێیە دەکـات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٥٠ هاوین ٢٠٢٥



ڕێزێک بۆ

# تیۆدۆر ئەدۆرنۆ

Theodor W. Adorno

**بەشداران**

جەمیل بایک
وەلید عومەر
شێروان ئیبراهیم
وریا ئەحمەد
سۆمەیە ڕۆستەمپوور
عەلی ئەحمەد
ڕوشدی جەعفەر
کۆسار عەبدوڵڵا
نەجیبە قەرەداخی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
هاوین ٢٠٢٥

٥٠





**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د. سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د. محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەلانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی
کوردستان بە ژمارە متمانەی
(١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.



azadikomelge@hotmail.com


# پێڕست


پێشەکی ........ ٧

دیالەکتیکی ئاپۆیی؛ گیان و داینامیکی داهێنانی کۆمەڵگەی دیموکراتییە
جەمیل بایك ........ ٩

دیالەکتیکی سەرمایە
تۆماس ت. سکین ........ ٦٥

بۆچی ئیسرائیل هەمیشە لە مەترسییدایە؟
شێروان ئیبراهیم ........ ٩٧

چەمکی دەوڵەت لە فەلسەفەی مارکس و ئەنگڵسدا
فیلیپ دایر ........ ١١٧

بانگەوازی ئاشتیی لە کوردستان: هەڵبەستێك بۆ ژیانێکی باش
سۆمەیە ڕۆستەمپوور ........ ١٢٧

دەربارەی دیاردەی ئیشی پڕوپووچ
دەیڤید گرەیبەر ........ ١٥٩

دەروازەیەك بۆ دیالەکتیك
تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ........ ١٧١

کۆمەڵگەی کۆمۆنەی دایك: گەڕانەوەیەکی پێویست بۆ کۆڵەکەی بەرگریی کۆمەڵایەتیی
عارف ڕێین ........ ١٧٩

ئەنکیدو! تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟
محەمەد ئەربای ........ ١٩٥

ڕانانی پەرتووکی (شۆڕشی کۆمەڵایەتیی و ژیانی نوێ)
هەردی دولبەر ........ ٢٠١


## پێشەکی:

گەلی کورد لەسەر ڕێچکەیەکی مێژوویی هەستیاردایە، تێپەڕاندنی ئەم قۆناغە و کردنەوەی دەروازەکانی داهاتوو، پێویستی بە چەکدارکردنی زەین بە میتۆدێکی دیالەکتیکیی هەیە. چیتر ناتوانرێت بە بیرکردنەوەی پارچەپارچە و میکانیزمە نەریتییەکانی ‹کوردایەتی کلاسیک› وەڵامی ئاڵنگارییە ئاڵۆزەکانی سەردەم بدرێتەوە. وەک ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان ئاماژەی پێ دەدات، «ماهییەتی هەر دیاردە و شتێک، لەسەر شێوە و دیالەکتیکی بوون و مانەوەکەی شکڵ دەگرێت.» لەم گۆشەنیگایەوە، تیۆریزەکردن و شیکاریی قوڵی واقیع، دەبێتە مەرجی سەرەکیی هەر هەنگاوێکی سیاسیی و کۆمەڵایەتیی کاریگەر.

لە بارودۆخێکی وەهادا، ژمارە (٥٠)ی گۆڤاری ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هاوکاتە لەگەڵ بڵاوکردنەوە و تاوتوێکردنی «مانیفێستۆی کۆمەڵگەی دیموکراتیک»ی ڕێبەری گەلان، ئەمەش ڕێکەوتێکی سادە نییە، ئەمە ئەرکێکی فیکریی و مێژوویی دەخاتە ئەستۆی هەمووان. ئەم هەلومەرجە وایکردووە کە پرسە بنەڕەتییەکانی وەک دیالەکتیک، ململانێی نێوان مۆدێلی دەوڵەت-نەتەوە و بەدیلی نەتەوەی دیموکرات، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی و کۆمۆن، لە هەر کاتێک زیاتر ببنە ڕۆژەڤ و پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی قووڵ بێت.

ئەم ژمارەیەی ‹ئازادیی کۆمەڵگە› هەوڵێکە بۆ چنینێکی تیۆریی-فیکریی لە دەوری ئەو چەمکە سەرەکییانە. بابەتەکان سەکۆیەکن بۆ دیالۆگێکی فرەڕەهەند، کە لە ڕەخنەگرتن لە دیالەکتیکی سەرمایە و دەسەڵاتەوە دەست پێ دەکات، و دەپەرژێتە سەر شیکردنەوەی ململانێی مێژوویی نێوان ‹دەوڵەت› و ‹کۆمۆن›، تا دەگاتە تاوتوێکردنی ڕێگاچارە و بەدیلەکانی سیستمی هەژموونگەرا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان.

نووسەران و وەرگێڕانی بەڕێزی ئەم ژمارەیە، هەر یەکەیان لە گۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشدارییان لەم دیالۆگە فیکرییەدا کردووە. بە خوێندنەوەی ئەم کۆمەڵە بابەتە، خوێنەر بانگهێشت دەکەین بۆ گەشتێک کە لە شیکاریی تیۆرییەوە دەست پێ دەکات، بە شیکاریی واقیعدا تێدەپەڕێت و بە ئاسۆی چارەسەریی کۆتایی دێت. هیوادارین ئەم ژمارەیە ببێتە کەرەستەیەکی بەسوود بۆ بیرکردنەوەی بەکۆمەڵ و بنیادنانی ژیانێکی ئازادتر.



# ئەنکیدۆ!

## تۆ چۆن بووی بە شارستانیی؟

محەمەد ئەربای
لە تورکییەوە: نەجیبە قەرەداغی





### بۆچی هێشتا داستانی گلگامێش ئەوەندە سەردەمییە؟

مێژووی نووسراوی ئەم داستانە چوار هەزار ساڵ زیاترە، ئەگەرچی پەرەسەندنی مێژووی زارەکیی زۆر کۆنترە. بۆچی لە سەردەمی ئەتۆمدا، هێشتاش باسی ئەم داستانە دێرینە دەکەین؟ چونکە داستانی گلگامێش یەکەم دەقی جیهانییپەرەسەندنی مرۆڤایەتییە.

ئەگەر لە مێژووی مرۆڤایەتییدا «لادانێک» هەبێت، ئەوا ڕاستییەکەی وەڵامەکەی لەم داستانەدایە. داستانی گلگامێش دەقێکی زۆر ئاڵۆزە... بە ڕاستیی کاتێک بە وردیی دەخوێندرێتەوە، دەردەکەوێت زۆر شت دەربارەی مرۆڤایەتیی دەگرێتەوە: دەسەڵات، مردن، ژن، هاوڕێیەتی، خۆشەویستیی، سرووشت، کەلتوور و هتد... بۆیە بە دوای هەرچییەکی مرۆڤایەتییدا بگەڕێین، لەم داستانەدا هەیە. بەڵام پێم وایە گرنگترین تایبەتمەندیی ئەم داستانە یان بە شێوەیەکی تر ئەم گێڕانەوە مەزنە لەوەدایە، زۆر پرسیارلایلێکۆڵەر دەورووژێنێت. بۆیە برێک کەڕەت پرسیارەکان لە وەڵامەکان گرنگترن.

پرسیارەکەم ئەمەیە: ئەگەر شێوەی ئەو شارستانییەتەی تێیدا دەژین زۆر دەرفەتی ژیان بۆ مرۆڤ و سرووشت فەراهەم ناکات، لە کوێدا بە دوای هۆکارە سەرەکییەکەیدا بگەڕێین؟

ئایا چارەسەری پەیوەندیی نێوان ئەنکیدۆ و ئوروک/گلگامێش، دەرفەتەکانی درووستکردنی شارستانییەتییەکی نوێمان بۆ فەراهەم دەکات؟

ئەنکیدۆ یەکەم کاراکتەری سیمبۆلییانەی جیابوونەوەی مرۆڤە لە سرووشت. چونکە ئەنکیدۆ سەرەتا بوونێکی ناوەکیی سرووشت بووە. ناوەکیی بە چ واتایەک دێت؟ ناوەکیی، واتە هەمەگیریی و یەکگرتوویی لەگەڵ سرووشت. واتە بەبێ پەنابردنە بەر هێز و پلەبەندیی،خرۆشانێکی هەمەگیرانە لەگەڵ سرووشت.

بەپێی داستانەکە، ئەنکیدۆ سەرەتا لەگەڵ سرووشت و ئاژەڵاندەژێت، ئەم خاڵە زۆر گرنگە، چونکە هەر تاکێک یان بوونێک بەپێی ئاستی توانای

خۆی لە نێو ژیاندا بوونی هەبووە، بۆیە لە ڕووی چۆنێتییەوە جیاوازییلە نێوان مرۆڤ و قالۆنچەیەکدانەبووە، بەڵام کاتێک دانیشتووانی شاری ئوروک بەرەوڕووی ئەنکیدۆ بوونەوە، لەو کاتەوە شتەکان بەرەو بە گۆڕانکاریی بزوان.

بەهۆی ئەم بەرەوڕووبوونە چەوتەوە،سرووشت و شارستانییەت ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە. ڕاستیەکەشی، شارستانییەت چۆن خۆی لە دژی سرووشت بینییەوە. دەڵێم ڕووبەڕووبوونەوەیچەوت، چونکە ئەنکیدۆ دەبووە کۆیلەی ئارەزووی تێرنەبووی گلگامێش بۆ هێز. لایەنی گاڵتەجاڕانە ئەوە بوو ئەنکیدۆ خۆی وەک هاوڕێی کوڕی خوداوەندێک بزانێت. لە کاتێکدا دەبوو ئەنکیدۆ بزانێت هاوڕێیەتی تەنها لە نێوان یەکسانەکاندا پێک دێت.

گلگامێش نوێنەرایەتیی لایەنی زۆردارانەی شارستانییەتی دەکرد. ئەو ستەمکار بوو، پاشایەک بوو گەلەکەی نەیاندەویست.

لە هەمان ئەم خاڵەدا، ئەو پرسیارەی دەبێت بکرێت، ئەمەیە؛شارستانییەت لە کوێوە دەستی پێ کرد؟ داخۆلە شوێنی بیناکردنی شوورای شارەکانەوە بوو؟ یان لەگەڵ دۆزینەوەی نووسین (واتە خودی داستانەکە)؟ یان لەو ساتەدا کە مرۆڤێک پەیوەندیی لەگەڵ سرووشت لەدەست دا؟

کاتێک داستانی گلگامێش دەخوێنیتەوە و بە دوای وەڵامی ئەم پرسیارانەدا دەگەڕێی، لە پێش گلگامێش،ئەنکیدۆ لەبەردەمت قوت دەبێتەوە. ئەو مرۆڤێکە و لە ناوەوەی سرووشتەوە هاتووە، دەڵێم مرۆڤ، چونکە کاتێک تەڵە بۆ کوشتنی ئاژەڵەکان پووچەڵ دەکاتەوە، ئەوا دەمانگەیەنێتە ئەنجامێک کە هۆشیاریی یەکسانخوازیی هەبووە.

ئەنکیدۆ کەسێکە لەگەڵ ئاژەڵان دەژی، ئاویان لەگەڵ بەش دەکرد، تەڵەی ڕاوچیانیپووچەڵ دەکردەوە. بەم ڕەنگە ئەنکیدۆ هێمای دۆخی یەکگرتوویی مرۆڤە لەگەڵ سرووشت.





بەڵام دواتر ژنێک دەردەکەوێت، بێگومان ئەم ژنە خۆڕسکانە دەرناکەوێت، لە چیرۆکەکەدا ئەرکێکی هەیە. ئەم ژنە شاگردێکی پەرستگای ئینانایە. ئەمە یەکێکە لە دۆخە ئاڵۆزەکان. ئینانا وەک چۆن هێمای ئەشق و ئارەزووی زایەندییە، هێمای کەلتووریشە. واتە ئینانا دابەشکەری کەلتوورە. ئەنکیدۆ دەکەوێتە پەیوەندیی لەگەڵی. یەکسەر پاش ئەم پەیوەندییە، ئاژەڵەکان دووری لێ دەگرن.

بە ڕای من، یەکەم و گەورەترین تراژیدیای مرۆڤایەتیی لێرەوە دەست پێ دەکات. زەمانی دێرینی یەکگرتووانەی نێوان مرۆڤ و سرووشت تێک دەچێت، جالەو کاتەوەزمانە تاکەکەسییەکان لە نێوان مرۆڤدا دەست پێ دەکەن. ئەنجامی بەدەستهاتوو: مرۆڤ ئەگەرچی لە سرووشتەوە هاتووە، بەڵام ئیتر لەو کاتەوە دەستی بە بەدیهێنانی خۆی کرد وەک بوونێکی دەرەسرووشت.

بەو مانایە، ژن سیمبۆلییانە نوێنەرایەتیی کەلتوور دەکات، بەڵام کەلتوور بەشێک نییە لە سرووشت، بەڵکوو دەرەوەیەتی. واتە کەلتوور لە دەرەوەی سرووشتە. ئەنکیدۆ بەهۆی ئەو کەلتوورەیئەو ژنە پێی دەدات،جل لەبەر دەکات، نان دەخوات، قسە دەکات، بەم چەشنە لێرەوە چیرۆکی شارستانییەت دەست پێ دەکات. گۆڕانی ئەنکیدۆ چیرۆکی جیابوونەوەیەکە (یەکێک لە یەکەم کارەکانی لەگەڵ گلگامێش، کوشتنی هومبابای خوداوەندی پارێزەری سرووشت دەبێت). ئەگەر بە شێوەیەکی تر گوزارشتی لێ بکەم، ئەنکیدۆ دۆخی کەسێنراوی چیرۆکی مرۆڤایەتیی ‹لەڕێدەرچوو›ە لە سرووشت.

گلگامێش بوونێکی یەکگرتووی لەگەڵ سرووشت نییە، بەرهەمی کەلتوورە نەرێتییەکەیە، بۆیە ئەو دەیەوێت پەرە بە داگیرکارییبدات، هێز بەدەست بهێنێت و لە کۆتاییدا نەمر بێت.

دەربڕینەکەم ئاڵۆز بوو، چەمکی شارستانییەت لە ڕادەی خۆی ئاڵۆزترە. چونکە هەمان شارستانییەت هەم شکسپیر، هەم هیتلەری درووست کرد.

لەم خاڵەی پێیگەیشتووین، پەیوەندییمان لەگەڵ سرووشت بیرخەرەوەیە تا بزانین چی بەسەر ئەنکیدۆ هاتووە. نەک تەنها وەک ئەو جلمان لەبەر کردووە، بەڵکوو فێربووین وەک ئەو قسە بکەین و لە شارەکاندا بژین؛ هەروەها وەک ئەو پەیوەندییمان لەگەڵ سرووشت لەدەست دا. پلەبەندییمان لە نێوان مرۆڤدا دامەزراند، ژنمان کردە مرۆڤی پلەدوو، ڕووبارەکانمان وشک کرد، چیاکانمان کون کرد، دارستانەکانمان سووتاند...

بۆیە ئاژەڵەکان ئیتر لێمان نزیک نابنەوە و سرووشت ئیتر پەیوەندییمان لەگەڵ نابەستێت. لەوانەشە مافدار بن.

شارستانییەتی دامەزراو لەلایەن مرۆڤی ئوروکەوە بە سەرکردایەتیی گلگامێش، دژی پێکەوەژیانی دیموکراتییانەیە. هەمەگیر نییە، بەڵکوو لە خاڵێکی جیاکەرەوەدایە. چین، ڕەگەز، پلەبەندیی و ڕەتاندنی درووست کردووە و هەموو ئەمانە تا ئەمڕۆش بەڵای سەری سەرپاکی مرۆڤایەتیین.

جێی داخە ئەم گێڕانەوەیە هەزاران ساڵە لەلایەن دەسەڵاتدارەکانەوە دەگێڕدرێتەوە، وەک ئەوەیتاکە ئەگەری شێوە ژیانی مرۆڤایەتییە.

بەڵام خۆشبەختانە زانستی نوێ و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، ئەمە و بیرکردنەوەی هاوشێوەی ئەمە، گریمانە کۆن و بەسەرچاوەکانی وەک شێوەی ئەم گریمانانە، دەهەژێنن. فیزیای کوانتوم، ئیکۆلۆژیی، ژنۆلۆژیی پێمان دەڵێن؛ ئیتر هیچ شتێک بە تەنها ناتوانێت بوونی هەبێت، هیچ شتێکیش بە تەنها ناتوانێت بەردەوامیی بە ژیان بدات.

بوون پەیوەندیی و پێکەوەبوونە. ئێمە تەنیا شارەزای ژیان نینلە سەر ئەم زەوییە. هەرگیز نەبووین. سرووشت و مرۆڤ و ژیان یەککگرتوون.

ئەنکیدۆ کارەکتەرێک بوو کە ئەمەی دەزانی. ئەو هاوبەشی ژیان بوو. ژیان بۆ ئەو هاوبەشییەک بوو کە دەبوو لەگەڵ سرووشت بەردەوامیی پێ بدرێت. ئەمڕۆ ئەوەی پێی دەڵێین یەکگرتنەوە و هاوبەشیی یان





یەکێتیی لە سرووشتدا، لە ئەودا بوونی هەبوو، بەڵام ئەویش وەک گلگامێش تووشی دەسەڵاتپەرەستیی بوو.

ئێمە یەکەم جار ئەم گۆڕانکارییەی ئەنکیدۆمان لەبیر کرد، دواتر نکۆڵیمان لێ کرد.

ئێستا، ئەگەرچی درەنگیش بووبێت. دەستمان بە بیرهێنانەوەی کردووە.

بۆیە بیرهێنانەوەی ئەنکیدۆ پرسێکی هەنووکەییە، ئەویشوەک ئەنکیدۆی سەرەتا بیر لەوە بکەینەوە کە ژیان مانای چی دەگەیەنێت، نەک وەک گلگامێش بۆ گەڕان بە دوای نەمریدا، جارێکی فێری ئاوێتەبوون بە سرووشت ببین، ئەمەش بێ ئەوەی شاخ لە شاخی بەرانبەر بگیرێنین.

ڕاستییەکی زۆر سادە هەیە؛ ئەگەر سرووشت نەبێت، ژیانیش نابێت.

لەوانەیە شارستانییەتی نوێ لە دووبارەنەکردنەوەی هەڵەکەی ئەنکیدۆوە دەست پێ بکات. لەوانەشە شارستانییەتی نوێ لە سۆنگەی شیکردنەوەی قووڵی پەیوەندیی نێوان گلگامێش و ئەنکیدۆوە دەست پێ بکات.

ئایا مۆدێرنیتەی دیموکراتیک دەتوانێت چارەسەر بێت بۆ ئەم شارستانییەتە کۆنەی ئیتر بەڕێوەناچێت و بەرەو کەندەڵان دەچێت، دەکرێت چارەسەر بێت، ئەگەر وەڵامەکە بەڵێیە، کەواتە دەبێت چۆن بێت؟

پێویستە بیر بکەینەوە، قووڵبینەوە کە وەڵامەکانی چی دەبن، بەڵام لە هەمووشیگرنگتر،پێویستە پرسیاری نوێ بکەین. سەرەتا گوتم، ئەم چەشنە دەقە مەزنانە، فێری پرسیاری ڕاستمان دەکەن.

سەرەتا و کۆتایی لەم داستانەدا شاراوەن، پێویستە پەردەیان لەسەر هەڵماڵین.

**سەرچاوە:**

https://www.ozgurpolitika.com/haberi-enkidu-sen-nasil-uygarlastin-201924

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کوڕین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلامحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم و زین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠ م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com